www.kurdistannet.org
28-11-2006 22:32بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کاوە کوردستانی مامۆستای زمانی کوردی... کاوە شارەزووری

دوای دروستکردنی کیانێك بۆ نەتەوەی کوردو چەسپاندنی دەستووری هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان، ئەو کات ئەرکی سەرشانی خەمخۆرانی شارەزای زمانی کوردییە بە هەموویانەوە کۆنگرەیەکی بەرفراوان ببستن بۆ ئەم مەسەلە هەنووکەییە، بە تویژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی و بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە، بتوانن زمانێکی ستاندار دروست بکەن، نەك کەسانی کەم تفاق و نەشارەزای زمانی کوردی بە میزاجی خۆی و ئینتیمای ناوچەگەری هەر کەسەو پیشتگیری لە دەڤەرو ناوچەی خۆی بکات، بۆ ئەوەی زمانی نووسینی خۆیان هەبێت لە قوتابخانەو فێرگەکان، ، گەر وا بڕوات و کەسی شیاوو گونجاو نەبنە دەم راستی ئەم مەسەلەیە، ئاوا کوردستان ئەبێتە ململانێی زاراوەکان، ئیدی نەوەو رۆڵەی هەر دەڤەرێك لە دەڤەرەکەی تر ناگات و ماڵیورانی و لەیەك ترازان ئەو کات سەر هەڵدەدات، ئاخرلە چ دونیایەکی ئەم سەردەمە گونجاوە یەك نەتەوە خاوەنی چەندین زمانی نووسین و خوێندن و زانست بێت؟! ئایا گەر نوێنەری رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان یان ریکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ئەمریکاو ئەوروپا، گەر پێیویستیان بە فێربوونی زمانی کوردی بێت ئایا لە کام کۆرس و کام دەڤەر فێری زمانی کوردی ببن؟ هیوادارم کەمێك سۆزو هەستی ناوچەگەری بەلاوە بنێن و با عەقڵی مەنتیق زاڵ بێت بەسەر هەست و سۆزتانا، گەر وا بڕوات لەوەیە لە داهاتوودا داوای ئیمارەتی هەورامان بکەن، وەك چۆن لە سەدەکانی پێشو کێشەی دووبەرەکی نێوان ئیمارەتە کوردییەکان گەورەترین کۆسپ بوون لە رێی سەربەخۆیی کوردستان، وا دیسان، خەریکی دووبەرەکی نێوان دەڤەرەکان دێتە ئاراوە، خۆ یەك دووساڵە کورد رزگاری بووە لە ئیمارەتی زەردو سەوز بۆ دەتانەوێت جارێکی تر ئاگری ئەم دووبەرەکییە جۆش پێبدەن؟ بۆ تاکو ئێستا هیچ زامانزانێکی کورد پێشتگیری ئەو داواییەی ئێوە ناکات؟ چونکە ئەوان دەزانن ئەو داوایە هەڵەیەو، تەنها داوا ئەوەیە ئەبێت زمانێکی ستانداری دەوڵەمەند دروست بکرێت و لە دەستوور بچەسپێت. گەر هەرناوچەو دەڤەرێك خاوەنی زمانی خوێندن و نووسینی قوتابخانەی خۆیان بێت، ئیدی وای لێ دێت نەوەی هیچ دەڤەرێك لە دەڤەرەکەی تر نەگات بە باشی!

ماوەیەکە کاوە کوردستانی ناوێك خۆی کردۆتە دەم راستی هەورامی و بادینی کە نووسینی نەشیاو ئاراستەی هەردوو نووسەری ناوداری کورد موحسین جوامێر و خالید مەجید فەرەج دەکات کە بەداخەوە ئەم بەناو نووسەرە کە ناوەکەی جێگەی گومانە چونکە ئەگەر خۆی بە دڵسۆزی گەل و نەتەوەکەی دەزانێت بۆ خۆی ناناسێنی بە خوێنەران، کورد واتەنی کەو بەرامبەر کەو دەخوێنێت، نەك لە پشتی کۆمپیتەرێکەوە دەست بدەیتە نوسینێك دژی ئەو دوو نووسەرە، کە نیوەی تەمەنیان لە خزمەتی دۆزی رەوای گەلەکەی بردۆتە سەرو، دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەوی ئەدەبی و شیعرو پەخشان و هۆنراوەیان پێشکەش بە کتێبخانەی رەسەنی کوردی کردووە، وە نووسینەکانی موحسین جوامێر وای لە تورکە رەگەزپەرەستەکان و عەرەبە شۆڤینیەکان کردووە کە چەندین جار نامەی جوێن و ووشەی ناشیرین و نابەجێیان پێ ووتوە لەبەر ئەوەی کە لە نووسینەکانی بە راشکاوانە بەرگری لە کێشەی رەوای گەلەکەی دەکات، بەڵام سەد حەیف وا دیسان ئەمجارە لەلایەن هاوزمانییێکی کوردەوە کە کاوە کوردستانییە کە زۆر خۆی لە عزەدین مستەفا رەسول و موحسین جوامێرو فەهمی کاکەیی خالید مەجید فەرەج بەرزترو زمانزان تر دەزانێت، حەز دەکەم بە کاك کاوە کوردستانی رابگەیەنم، بۆ دروستکردنی زمانی ستانداری کوردی پرس و راوێژ بە کەسانی شارەزای زمانەوانی کوردی دەکرێت و داواو قسەو سەرنج و روونکردنەوەی ئەمان قبووڵە، نەك کەسانی وەکو من و تۆ، کە لە بوری زمان هیچ ئەزموون و کاراییمان نییە،

، جا خوازیارم دڵسۆزیت بۆ گەل و نەتەوەکەت وات لێ بکات ووشەی بریندار و روخێنەر نەنوسیت...

26-11-2006